# ڕۆژگارێکی سەیرە!

حامد ئەیوب

ئەوەی گومان و مشت و مڕ هەڵناگرێ کە جەنگ و کارەساتەکان و ڕووداوەکان یەکێک لەدیوە قێوەزەنەکانی ژیان و مێژوی مرۆڤایەتی پێک دێنێ. جەنگ هەرچی جوانیەکی ژیان هەیە بە مەرگ دەسپێرێ، مرۆڤەکان لەو ساتەوەختانەدا هەمیشە هەناسە سواروهەراسان و دڵ لە مشت دەبن، هەرچی حەزووئارەزوو خەونە ئەرخەوانیەکانیانە باڵاکورت و کورتر دەبن هەتا دەگاتە ڕادەی وونبون و نەمان. بەمانایەکی کورتر لەساتەوەختی جەنگدا هەمیشە مەرگ ئامادەیەو بەشێوازی جۆراوجۆر خۆیمان پێدەخشێت بۆ ئەوەی خەندەی سەرلێو وبریسکەی گەشی چاومان لێ زەوت بکات، بەم جۆرە گەر جەنگ بوو بە مێژویەکی درێژو تایبەتمەندیەکی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ئەوا ئەو کۆمەڵگایە دواجار هەڵگری کۆڵێک غەم و گرفتی گەورەو بچوکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ودەروونی دەبێت. کۆمەڵگای عیراقیش تا ساتەوەختی نوسینی ئەم چەند دێرەش هەر لەجەنگ و ئاشوب وکوشتارگادا بوە، چەندەها جەنگی ناوخۆیی و دەرەکی پشت سەرناوە هەریەک لەم جەنگانەش هێندەی فراوانی ئاسمان و قولایی دەریاکارەساتی جەرگ بر و دەردەسەری بەرهەم هێناوە.

بەهۆی زاڵ بونی دەسەلاتی رەش ونەگریسی بەعس (کەلێرەدا دەرفەت نی یە باس لەچونیەتی بەدەسەلات گەیشتنی بکەین) لەعیراقدا بۆ ماوەی **٣٥** ساڵ کۆمەڵگای عیراقی کردبۆیە دۆزەخێک و هەر رۆژە سووتەمەنی ئەو دۆزەخە خەڵکی عیراق بوو بەهەموو توێژو چین و نەتەوەو بیروباوەرەکانەوە!!. جەنگی عیراق و ئێران یەکێک لەو کارەسات و کوشتارگایە بوو کە دەسەلاتی بەعسی ناسیونالیستی عەرەبی کردیانە چارەنوسێکی مەترسیداری ٨ ساڵەی خەڵکی عیراق، لەوساتانەدا بەعس سیاسەتی نکوڵی کردنی لەمافەکانی مرۆڤ و تاکی کۆمەڵگادا لەئاستی هەرەبەرزی خۆی دا پەیرەوی لێدەکرد. لەژێر کاریگەری کولتوری بەعس و زەبروزەنگی سیاسی ژیانمان دەکرد، لەو رۆژگارە رەشانەدا هەر هەوڵدانێک بۆ گوزارەکردن لەئارەزوەکانی تاکی کۆمەڵگا لە بوارە جیاجیاکاندا قەدەغەیەکی ئێجگار گەورەبوو، هەموو جوڵەو چالاکیە سیاسی و عەقلانیەکان سنوردار و بەرتەسک کرابونەوە.

لەو چرکە مێژوییە ترسناکانەی جەنگی عیراق – ئێران دا کە لەماڵەوە بەدیار تلفزیونەوەد ادەنشتم و چاوەرێ ی بەرنامەیەکی خۆشم دەکرد یاخود تامەزرۆی بابەتێکی بەسودو بەکەڵک بومایە (ئەمە ئەگەر هەبوایە) تاوەکوو مێشکم هێوربێتەوە لەو جەنجاڵەی ئەو جەنگە کە وەکوو مۆتەکەیەک بەسەرسنگی هەموومانەوە بوو، وە سەرتاپا کۆمەڵگای گۆریبوو بۆ مەیدانی جەنگ و لەوێشەوە شاشەکانی تلفزیونی کردبۆیە روبەرێکی بەجەنگ کێشراوو هەمیشە وێنەکانی لەبەرەکانی جەنگ و گۆرانیەکانی بەسەر جەنگ ووتەکانی سەددام. . . . هتد لە مێشکم دەزرنگایەوە. لەوکاتە شوم وتالانەدا کەتەنانەت سانسۆر خرابۆیە سەر خەونەکانیشمان دەم وویست بەهەر جۆرێک و بەهەر نرخێک بوایە کەمێک خۆم لەدەم و چاوە بێزراوەکەی سەددام حسین و داردەستەکەی بەدووربگرم و چاوم بە شتێکی جوان و بێگەرد بخشێنم و دڵی ئۆقرە نەگرتوم بەدیمەنێکی روح سوک عەتر پرژێن بکردایە، لە رۆژگارێکی بەوشێوەیەدا هیچ رێگایەک بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەستە تینوە و ئەو روحە نەسرەوتەم و ئەو گیانە سرکەم نەدەبینرا بەهۆی لەچوارچێوەدانی کۆمەڵگا بە تەوەقێکی ئەستوری ئاسنی.

بەلام ئێستا پاش مێژویەکی درێژوو سالانێکی دوو لەو رۆژگارە قات و قری و قەقنەسانەدا کەوتومەتە ژیانی پەنابەری و لەدەرەوەی ئەو سنورو چوارچێوە بۆ کێشراوەیی کەباسم کرد دەژیم و کۆڵێک دەرس و تەجرەبەی باشی و خراپم لەمانەکانی ژیان وەرگرتوە و لە قۆزاخەی مت بونێکی بێ ئاگابوو لە جیهانی دەرەوەی خۆم کە ئەو کات بەسەر من و تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بە زۆر سەپابوو هاتومەتە دەر، کەچی هێشتا بە هەزارو یەک جورەوە هەر پەیوەستم بە هەمان کۆمەڵگای کۆستکەوتوو جەنگ ئامێزەوە هێشتا هەر دڵم بۆی دەگوشرێ و ناخم بۆی هەلاهەلایەو دوریشم بۆی رۆژانە لەدەرونم دا بێزاریەکی زۆر چەکەرە دەکات و ئەستور دەبێت.

ئەم جەنگەی دوایی عیراق– ئەمریکا یان راستر بڵێم ئەو هێرشە جەنگی یەی کە ئەمریکا کردیە سەر عیراق و هەر ئێستاش بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، سەرنجام لەم دوا جەنگەدا رژێمی بەعس نەیتوانی جەستەی تاوانباری خۆی لەزەلکاوی ئەم ئاستەنگە کۆنەپەرست و سەرتاپاگیرەی ئەمریکا دەرباز بکات. بەدەر لە نەمانی

بەعس و لەگۆرنانی بەلاّم کام ویژدانی ئینسانی دەتوانێ لەئاست ئەو هەموو تراژیدیایەدا کە ئەم جەنگە خولّقاندی بێ دەنگ بێ و ئارام بگرێ و دەستەوستان دانیشێ، ئاخر ئەم جەنگە کۆنەپەرست و هەژمونگەریە ویژدانی هەر مرۆڤێکی پاکی هەستیاری لەسەرانسەری دونیادا راچڵەکاندو نەفرەتی بەرویاندا بەزکردەوە.

لە هەر حالّدا گۆرانکاریەکان و وەرچەخانەکانی ئەم دواساتانەی عیراق هەندیک جار ناچاری دەکردم بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەلّ رەوتی ئالّوگۆرەکان شێوازی ژیان و باری دەرونیم رێک بخەم. لەو ساتە ئەبەدییەی کەهەموو ژیان و تەمەنی بەعسی پێچایەوەو خستیە گۆرەوە، هێزێکی ووروژێنەری دەرونی و ناوەکی پالّم پێوەدەنێ کە بەئالودەوە شوێن پێ ی هەوالّکانی سەددام حسین دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی هەلّگرم.

وەک هەرکەسێکی ئارەزومەندوو چاودێری ئالّوگۆرەکان بەویستی خۆم و بێ زۆرهێنانی هیچ کەس و لایەنێک زۆر بەتامەزرۆیی یەوە کەنالّ لەدوای کەنالّی تلفزیون و لاپەرەبەلاپەرەی رۆژنامەو بلاّوکراوەکان و پەربەپەرەئەنتەرنێتەوە هەموویان دەگەرێم و دەپشکنم و بەدوای هەوالّی تازەی سەددام حسین و دام دەزگا دەست خوێناویەکەی بۆ ئەوەی دواهەوالّیان بزانم.

ئای کەرۆژگارێکی سەیرە، تەمەنێک لەدەست هەوالّ و دەم وچاوە قێوەزنەکانی رژێمی بەعس خۆم بەدوور دەگرت کەچی ئێستا بەوویستی خۆم بەدوای هەوالّیان دەکەوم.

٢١-٠٤-٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.